# کێشەکانی کچان لەتـــ

**قۆناغـــی هەرزەکاری بەقۆناغێکـــی تایبەتی دادەنرێت لەلای هەموو ئادەمیزادێك، چونکـــە لەڕووی بایلۆژیەوە کۆمەڵێك گۆڕانکاری زۆر بەسەر ژیانی تاکدا روودەدات کە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرەوپێشچوونی کەسایەتی و کۆمەڵێك دەرئەنجامی دەروونی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دروست دەبێت و لەبەر ئەمەش لەم قۆناغەدا زۆرترین کێشە لەژیانی تاکدا روودەدات، ئەوەی شایەنی وتەنە ئەرکی منە لەم راپۆرتەدا تیشك بخەمە سەر کێشەکانی ئافرەتان لە تەمەنی هەرزەکاریدا.**

**خاتوو هیڤار محێدین:** ئەگەر کۆمەڵگە بەشێوەیەکی تەندروســـت مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا لەقۆناغی هەرزەکاریدا بکات و رۆشنبری تەواویان بێبەخشێت، ئەوا هیچ جۆرە کێشەیەك دروست نابێت

**خاتوو هیڤـــار محێدین وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی:** ئاماژەی بەوەدا کە نەبوونی رۆشنبیری گشـــتی هۆکارێکی سەرەکیە لـــە دروســـتبوونی کێشـــەکان لەتەمەنی هەرزەکاریدا، چونکە تەمەنی هەرزەکاری لەژیانـــی مرۆڤدا گرنگـــی خۆی هەیە، ئەگەربێت دایك و باوکەکان بەشـــێوەیەکی زۆر تەندروســـت مامەڵـــە لەگەڵ منداڵە کچەکانیاندا نەکەن، ئەوا گەلێك کێشەیان بۆ دروست دەبێت و کۆمەڵێك دەرئەنجامی سلبی لەدوای خۆی بەجێدەهیلێت، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی تەندروســـت مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا لەم قۆناغەدابکات بۆئەوەی کە کێشە دروست نەبێت، واتە ئەگەر تاکەکان رۆشـــنبیری تەواویـــان هەبێت، ئەوا لەم قۆناغەدا هیچ جۆرە کێشەیەك دروست نابێت

لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشـــدا کچان لە قۆناغی هەرزەکاریدا تووشی کێشەدەبن، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری کێشەکان لەم قۆناغەدا پەیوەســـتە بەلایەنی بایلۆژیەوە، چونکـــە گۆڕانکاری لە لەشـــی مرۆڤدا روودەدات.

**خاتوو مەهناز عەلی وەك مامۆستایەك:**

رای جیاوازی هەبوو بەوەی کەکێشـــەی کچان لەقۆناغی هەرزەکاریدا زیاتر پێوەندی بەخودی تاکەوە هەبێ، بەڵکو کۆمەڵگەو خێزان ناتوانن رێگربن لەهەموو کێشەکان، لەبەر ئەوەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا هەیە کـــە کۆمەڵگەو خێزانیـــان خاوەنی رۆشنبیریەکی بەهێزن، کەچی کچانیان لەم قۆناغەی تەمەندا تووشـــی گرفت دەبن، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری کێشەکان لەم قۆناغەدا پەیوەستە بەلایەنی بایلۆژییەوە، چونکـــە گۆڕانکاری لە لەشـــی مرۆڤدا روودەدات.

خاتوو نڤین عەلی زۆربەی ئەو کچانەی کەتووشی کێشە دەبن دانیشتووی گەڕەکە میللیەکانن و ناوچە هەژارنشینەکانن، چونکە خێزانەکانیان هیـــچ جۆرە



# ـــــەمەنی هەرزەکاریدا

ڕۆشنبیرییەکیان نییە

**خاتوو نڤین عەلی:** ئاماژەی بەوەدا مەرج نییە کچ لەقۆناغێکی دیاریکراوی تەمەندا تووشی کێشە ببێت، زۆربەی ئەو کچانەی کەتووشی کێشە دەبن دانیشتووی گەڕەکە میللیەکانن و ناوچە هەژارنشینەکانن، لەبەر ئەوەی کە هیچ جۆرە شارەزاییەکیان نییە لەبارەی ڕەوتی ژیانـــەوە لەخێزانەکانیاندا هەموو جۆرە شـــتێکیان لێ قەدەغەکراوە، کاتێـــك کـــە دێنەناو کۆمەڵگاوە تووشی کێشەو گیروگرفت دەبن، لەبـــەر ئەوە دەتوانم بڵێـــم نەبوونی ڕۆشـــنبیری خێـــزان هۆکاری ســـەرەکی دروستبوونی هەموو گیروگرفتەکانە.

خاتـــوو نیـــان عەبدولواحیـــد هۆکاری سەرەکی کێشـــەکانی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بـــۆ خـــراپ بەکارهێنانـــی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیا

**خاتوو نیـــان عەبدولواحید وەك ڕابەری پەروەردەیـــی وای دەبینی کە:** بەشـــێکی زۆری ئەوکچانەی کەتووشـــی کێشە دەبن زیاتر لەقۆناغی تەمەنـــی هەرزەکاریدان، بەڵام هەشیانە لەسەروو ئەوتەمەنەوەیە، بەڵام تووشی کێشـــەدەبێت، بەشێکی هەرەزۆری کچان کەتووشی گیروگرفت دەبن لەقۆناغی هەرزەکاریدا بەهۆی بەربڵاوی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیاوەیـــە، ناوبـــراو تەکنۆلۆژیای بە هۆکارێکی ســـەرەکی دروســـتبوونی کێشـــەکان تاوانبار دەکرد لەبەر ئەوەی کە لەناو زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتداو کۆمەڵگەی ئێمـــە بەتایبەتی تائێســـتا نەتوانراوە ســـوود لەلایەنـــە ئیجابیەکانی تەکنۆلۆژیا ببینرێت و تەنیا بۆمەبەســـتی ســـلبی بەکاردەهێنرێت، ڕۆژانە ســـەدەها کچ وێنەیان لەناو ئامێرە تەکنۆلۆژیاکاندا بڵاودەکرێتەوە، واتە ئەوەندەی تەکنۆلۆژیا کێشەی بۆکچان دروســـتکردووە، ئەوەندە ســـوودی نەبووە، ئەوەتا ڕێژەیەکی زۆری ئەو کچانەی کە تووشی کاری هەڵە بوونە، لـــە ئەنجامـــی بوونی پێوەندی نادروســـتیان لەگەڵ کوڕان لەڕێگەی مۆبایل یان ئینتەرنێتەوە بووە.





# هەڵوەرینی گوڵێک لەناو گۆمێکی لیخندا..

بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. Email: komelayeti@gulan-media.com Mobile: 07504944607

**(ع): کچێکی هەرزەکاری جوانبوو، باوکی فەرمانبەربوو لەیەکێك لە فەرمانگاکاندا و دایکیشی مامۆستابوو، لەخێزانێکی تابڵێی رێکوپێك و باشدا دەژیا، کە تەمەنی گەیشتە نزیکەی چواردە ساڵ بەهۆی برادەرێکیەوە دوکاندارێکی فرۆشتنی ماکیاژی ئافرەتانی ناسی. لێرەوە چیرۆکەکە دەستپێدەکات. ئیتر با خۆی بەسەرهاتەکەی باس بکات، (ع) بەمشێوەیە قسەی کرد و وتی:**

سەرەتا وەك هەموو کچێکی سەرئەم زەمینە حەزو ئارەزووەکانم دەبزواو دەمویست وەك هەموو کچەکانی تری هاوتەمەنم لەگەڕەك و قوتابخانە ماکیاژو جلوبەرگی جوان لەبەر بکەم و تاموچێژی گەنجێتی ببینم.

رۆژێکیان کچێکی دراوسێمان کەباوکی نەمابوو زۆر هەژاریش بوون، دایکی زۆر هاوڕێی دایکم بوو، کچەکەش لەگەڵ دایکیدا دەهاتە ماڵمان زۆر خۆی لەمن نزیك دەکردەوە، هەرچەندە دراوسێکانی تر ئاگاداریان کردمەوە کەماڵی ئەوکچە ناوبانگی کۆمەڵایتیان باش نییە، بەڵام من بەزەیم بەو بە کچەکەدا دەهاتەوەو بەیەکەوە دەچووین بۆقوتابخانە. زۆرجار دەهات بەیەکەوە لەبەر دەرگا دادەنیشتین یان بەیەکەوە دەچووین بۆ پارکەکان و بازاڕ و کچەکەی هاوڕێم بەمنی وت دوکاندارێکی ماکیاژو جلوبەرگی ئافرەتان هەیە کە ناسیاومانە بابچین شتومەك لەو بکڕین. ئیتر هەندێکجار بەیەکەوە دەچووین بۆلای پیاوەکە، زۆر زمان شیرین و قسە خۆش بوو، تەمەنی نزیکەی (٢٠)ساڵ دەبوو لەگەڵ کچەکەی برادەرمدا قسەی خۆشیان دەکرد و ماکیاژ و جلوبەرگی بەهەرزان پێشکەش دەکرد و هەندێکجار باسی سێکسیان دەکرد و تەنانەت جارهەبوو پیاوەکە دەستبازی و ماچی کچەکەی دەکرد و کچەکە هیچ شەرمی نەدەکرد، کەئەم جۆرە شتانەیدەکرد. بەپێکەنینەوە دەگەڕاینەوە، بەمنی دەوت ژیان هەروایە و دەبێت من ئەو کارانە لەگەڵ ئەوپیاوەدا بکەم لەبەر ئەوەی کە ماکیاژو جلوبەرگم بەبەلاش پێشکەش دەکات. هانی منیشی دەدا بۆ ئەوشتانە و منیش تەمەنم هەرزەکار بوو زۆرریش لەتەلەفیزیۆندا و بەتایبەتی لەتەمسیلە دۆبلاژکراوەکاندا ئەو شتانەم دیبوو، حەزم دەکرد تامی بکەم، بەڵام خۆم رادەگرت. تا لەئەنجامدا رۆژێکیان کابرای دوکاندار کەوتە قسە لەگەڵمدا و قەناعەتی پێکردم کاری سێکسی لەگەڵدا بکەم بەرامبەر بەوەی کە ماکیاژی گرانبەهام پێشکەش بکات. سەرەتا رازی نەبووم، بەڵام دواتر لەبەر ئەوەی کە ماکیاژەکانی زۆر جوان بوون قەناعەتم پێکرا لەلایەن ئەو پیاوە تاوانبارە و کچەکەی دراوسێمان وەك شەیتان منیان خستە ناو کاری سێکسییەوە و رۆژانە لەگەڵ ئەو کچەدا دەڕۆیشتم بەناوی ئەوەی کە بۆماڵی ئەوان دەچم، بەڵام لەویێ خۆم دەگۆڕی و دەچووین بۆ بازاڕ بۆلای ئەو دوکاندارە، تا لەئەنجامدا گوڵی کچێنیم هەڵوەڕی و لەڕێگەی راست لامدا. رۆژانە لەبەرامبەر کاری سێکسی پارە و ماکیاژی دەدامێ و پیاوە تاوانبارەکە وێنەمی بەمۆبایل دەگرت و دەیوت ئەو وێنانە بەکەس پیشان نادەم تەنیا بۆ خۆشی خۆمان دەیگرم، بەڵام دواتر بیستم کەوێنەکەم بەبلوتۆس بڵاوکراوەتەوە. دوای ماوەیەك کابرای دوکاندار منی دەبرد بۆ لای چەندین پیاوی تر، هەرجارەو چەند برادەرێکی خۆی دەهێنا بۆ ئەوەی کاری سێکسیم لەگەڵدا بکەن. پاش ماوەیەك ماڵەوە بەم کارەمیان زانی، ویستیان رزگارم بکەن لەم کارە، بۆیە ماڵەکەمان بردە گەڕەکێکی تری شاری هەولێر. باوکم، من و دایکمی ناچارکرد کەپێوەندی لەگەڵ ئەوماڵەدا بپچڕێنین کە منیان تووشی ئەم کارە کردبوو. دوای ماوەی کەمتر لەساڵێك باوکم کۆچی دوایی کرد، باری ئابووریمان بەتەواوی شێوا، دایکیشم لەبری ئەوەی هاوکاریمان بکات، هانی دەدام بۆ ئەوەی پارە پەیدابکەم، چونکە براکانم لەمن بچووکتر بوون. کەوتە سەردانکردنی ماڵی ئەو کچەی کە پێشتر سەردانم کردبوو، تا لەئەنجامدا کەوتمەوە ناو کاری سێکسی، بەڵام ئەمجارەیان زۆر بەشێوەیەکی ترسناك، چونکە دایکیشم هانی دەدام بۆ ئەم کارە ناپەسەندە. ئیتر منیش بۆم دەرکەوت کەتەواو ناوبانگم زڕاوەو بڕیارمدا کە لەگەڵ چەند کەسێکی تریشدا پێوەندی سێکسی ببەستم و ئەو پیاوانەی کە سەردانم دەکردن جۆراوجۆر بوون، لەوانە یەکێکیان دوکانی جلوبەرگی ئافرەتانی هەبوو لەناو بازاڕدا ئەوەی تریان چاککەرەوەی ئۆتۆمبێل بوو، واتە فیتەر بوو، یەکێکی تریان وێنەگر بوو. ئەمانە هەموو بەمن فێربوون و کاری رۆژانەی من بوو بەکاری سێکسی. بەتەواوی بوومە ئافرەتێکی لەشفرۆش رۆژانە پیاوان سەردانی ماڵەوەیان دەکردین، تا لەئەنجامدا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراین. ئێستا من تاوانبارم، چونکە لەشفرۆشم هەردوو دنیام دۆڕاند و هیچ بوونێك لە ژیانمدا نییە، چونکە ئافرەتی لەشفرۆش زۆر لە کاڵایەکی بێنرخ کەمترە، لەبەر ئەوەی کاڵا تەنیا یەك کەس دەیکڕێت، بەڵام لەبەرامبەر پارەیەکی کەم دا هەموو پیاوێك دەتوانێت بمانبات و بمانکڕێت و وەك ئاژەڵێکی دڕندە مامەڵەمان لەگەڵدا بکات.

# هاوسەرگیری لەشاری هەولێر رووی لە زیادبوونە

**پرۆسەی ژنهێنان ئەو پرۆسەیەی کە لەهەموو جیهاندا لەهەموو سەردەمێکدا بوونی هەبووە، هەموو ئایینە ئاسمانییەکان پێداگیریان لەسەر کردووە و گرنگی خۆیان پێداوە، هەر کۆمەڵگەیەك ئەگەر پرۆسەی ژنهێنانی تیادا زۆربێت، ئەوا لەرووی کۆمەڵایەتییەوە بە کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و ئارام ناودەبرێت، ئەمرۆ لەهەرێمی کوردستاندا رێژەی ژنهێنان لەبەرزبوونەوەی بەردەوامدایە، بەپێی ئەو ئامارە فەرمیانەی کە لەبەردەستدان تەنیا لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٠) تەنیا لەدادگای باری کەسی هەولێر (٤١٨٨) گرێبەستی مارەبڕین ئەنجامدراوە و کۆی گشتی ئەو گرێبەستانەی کە لەپارێزگای هەولێردا لەماوەی شەش مانگی یەکەمی (٢٠١٠) ئەنجامدراوە دەگاتە(٧٦٠٩) گرێبەستە، لەکاتێکدا ئەم رێژەیە لەچاو ساڵانی رابردوودا بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو زیادی کردووە، رێژەی تەڵاقش لەسنووری پارێزگای هەولێر تەنیا (٨٥٧) حاڵەتە و لەناوشاری هەولێریش تەنیا(٥٨٨) حاڵەتە. بەرزبوونەوەی رێژەی گرێبەستی هاوسەرگیری هەنگاوێکی دڵخۆشکارانەیە، ئەمە قسەی بەڕێز کۆدۆ بایز سەعید پارێزەری راوێژکاربوو، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە رێژەی گرێبەستی هاوسەرێتی لە شاری هەولێر بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە کە ئەمەش هەنگاوێکی دڵخۆشکارانەیە و نیشانەی ئەوەیە کە کوڕ و کچە گەنجەکان زۆربەیان دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە و لەژیانی رەبەنی رزگاریان دەبێت، ناوبراو وای دەبینی ئەم رێژە زۆرەی گرێبەستی مارەبڕین لەمساڵدا نیشانەی بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی هاوولاتیانە.**

**دیار سالار**

بەڕێز کۆدۆ بایز سەعید پارێزەری راوێژکار ئەوەشی خستەڕوو پێویستە حسابێك بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی تەڵاقیش لەشاری هەولێر بکرێت، بەڵام رێژەی زەواج زۆر زیاترە لەچاو رێژەی تەڵاقدا و دەتوانرێت بوترێت رێژەی مارەبڕین زۆر زیاترە لەتەڵاق.

ناوبراو لەدرێژەی قسەکانیدا وای دەبینی کەمبوونەوەی رێژەی مردنی منداڵان نیشانەی ئارامی کۆمەڵگەو بەرەوباشتربواری تەندروستی وبایەخدانی تەندروستی دایکانە بەکۆرپەلەکانیان ئەوەی شایەنی وتن بێت ئەمە بەشێکە لەهەنگاوەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە، چونکە پەرەسەندن و پێشکەوتنی بواری رۆشنبیری خێزانەکان و پێشکەوتنی بواری تەندروستی و کەمبوونەوەی ئەو نەخۆشیانەی کە تووشی منداڵان دەبن هۆکاری سەرەکین بۆکەمبوونەوەی مردنی منداڵ.

زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان هۆکاری سەرەکی بەرزبوونەوەی رێژەی گرێبەستی مارەبڕینە ئەمە رای بەڕێز پارێزەر ئومێد عەبدولسەلام بوو، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشتوان کارێکی زۆری کردۆتە سەر زیادبوونی گرێبەستی هاوسەری، چونکە ئێستا لەشاری هەولێردا رێژەیەکی زۆر لەدانیشتوان نیشتەجێبوون و بەراورد بەچەند ساڵی رابردو رێژەی دانیشتوان بەشێوەیەکی زۆر خێراو چاوەڕوان نەکراو بەرزبۆتەوە، لەبەر ئەوە شتێکی روون و ئاساییە شانبەشانی ئەو بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشتوان گرێبەستەکانی هاوسەریش رێژەیان بەرزبێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە یاسای باری کەسێتی لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٨)دا تۆمارکرایەوە و سزایەکی توندی بۆ ئەو پیاوانە داناوە کە لەدەرەوەی دادگاکان ژن مارە دەکەن، لەم یاسایەدا ئەو خاڵە فەراهەمکراوە کە نابێت کەس لەدەرەوەی دادگاکاندا ژن مارە بکات و ئەگەر کردی سزادەدرێت و تووشی لێپرسینەوە دەبێت، لەبەر ئەوە هەموو پیاوەکان بۆ مەبەستی مارەبڕین روو لەدادگا دەکەن، لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم کە ئەمە خاڵێکی سەرەکییە بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی گرێبەستەکانی مارەبڕین، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە لەکاتی ئێستا بەشێکی زۆری خێزانەکان وشیارییەکی تەوایان لەلا دروست بووە بەهیچ شێوەیەك قایل نابن کوڕ و کچەکانیان لەدەرەوەی دادگادا گرێبەستی مارەبڕین بکەن، لەبەر ئەوە زۆربەی هاوولاتیان ئێستا دێن لەدادگاکان گرێبەستی هاوسەرگیری دەکەن، بۆیە رێژەکەی بەم شێوەیە بەرزبۆتەوە.

پرۆسەی هاوسەرگیریان بۆئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی نەبن ئەمە باوەڕی خاتوو پەرێز حامید وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا کە لەکاتی ئێستا زۆربەی خێزانەکان بۆ پاراستنی کوڕ و کچەکانیان لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان زوو پرۆسەی هاوسەرگیریان بۆئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی نەبن، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کە لەم قۆناغەی ئێستادا بەدەست رێژەیەکی زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەناڵێت و دەتوانم بڵێم تاکەکان بەشێکی زۆریان نوقمی کێشەو گیرو گرفتەکان بوون و ناتوانن خۆیانی لێدەرباز بکەن، لەبەر ئەوە تاکە رێگە بۆ پاراستنی خۆیان ئەوەیە کوڕ و کچەکانیان زوو دەخەنە ناو ئەم پرۆسەی هاوسەرگیریەوە،ناوبراو ئاماژەی بەوەدا لەئەنجامی بەرزبوونەوەی رێژەی مارەبرین رێژەی منداڵبوونیش بەرزبۆتەوە لەبەر ئەوەی گەنجەکان زوودەچنە پرۆسەی هاوسەریەوە منداڵیان دەبێت .

خاتوو بەناز ئەحمەد عەلی وەك توێژەرێکی دەروونی ئاماژەی بەوەدا کە رێژەیەکی بەرچاو لەگەنجەکان روودەکەنە ناو ژیانی هاوسەرگرییەوە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەئەو کەسانە دەیانەوێت لەرووی دەروونیەوە بە ئارامی بژین و تووشی قەیرانی جۆراوجۆر نەبن، چونکە تەنیایی و رەبەنی دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیران و کێشەو گیروگرفتە دەروونییەکان، زۆربەی حاڵەتەکان وەك نامۆبوون و گۆشەگیری و نائارامی دەروونی لەکاتی رەبەنیدا بە بەردەوامی روو لەزیادبوون دەکەن، بێگومان لەگەڵ زۆربوونی رێژەی هاوسەرگیریشدا رێژەی منداڵبوون زیاد دەبێت ئەمەسەر رای کەمبوونەوەی مردنی منداڵان لەم چەند ساڵەی دوایدا بەهۆی وشیابوونی خێزانەکان بۆپاراستنی کۆرپەلەکانیان.

هۆیەکانی یەکتر ناسین ئاسان بووە لەبەر ئەوە رێژەی مارەبڕین بەرزبۆتەوە، ئەمە باوەڕی خاتوو هیدایەت عومەر چالاکوان لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا ئاماژەی بەوەدا کە زۆبەی هەرزەکارانی ئەمڕۆ زوو دەچنە بواری هاوسەرگیریەوە لەبەرئەوەی کە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا و هۆیەکانی یەکتر ناسین زۆر ئاسان بووە، چونکە هۆکارەکانی تەکنۆلۆژیا کاری یەکتر ناسینیان ئاسانکردووە، بەجۆرێك رێژەیەکی بەرچاوی کوڕان و کچان لەرێگەی چاتکردنەوە یان مۆبایلەوە یەکتر دەناسن و پرۆسەی زەواج دەکەن.

بەهزاد حەمەسەعید کە خاوەنی کۆگای فرۆشتنی جلوبەرگی بوك و ئاهەنگێڕانە لەبازاڕی سیروان ئاماژەی بەوەدا کەلەکاتی ئێستا پرۆسەی زەواج بەراورد بەساڵانی رابردوو زۆر زیادی کردووە و رێژەیەکی زۆر لەئافرەتان سەردانمان دەکەن بۆکڕین یان بەکرێگرتنی جلوبەرگی بوکان، گوێش نادەنێ نرخەکەی هەرچەندێك بێت دەیبەن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە باری ئابووری کۆمەڵگە بەرەو پێشچووە و تاکەکان بەئارەزووی خۆیان زوو ژن دەهێنن و گوێ نادانە مەسرەف و تێچووی پرۆسەکە، بەڵکو هەموو گەنجەکانمان هەوڵدەدەن لەزووترین کاتدا بچنە ناو قەفەزی زێڕینەوە.

خاتوو بەناز حەمەسەعید کە یاریدەدەری بزیشکیە لەنەخۆشخانەی لەدایك بوون ئاماژەی بەوەدا کەخێزانەکان لەکاتی ئێستادا زۆربایەخ بەمنداڵ بوون دەدەن و هەمیشە هەوڵدەدەن بەباشترین شێواز منداڵیان ببێت و منداڵەکانیان دەپاریزن لەنەخۆشیەکان ئەمەسەرەرای ئەوەی کەژمارەیەکی بەرچاوی منداڵان ئەوانەی کەباری تەندروستیان نالەبارە لەنەخۆشخانە دەمێننەوە تا باری تەندروستیان باشدەبێت.

